پارێزگاری بانکی ناوەندی: پلانی داشتنەوەی بانکە حکومییەکان نەخشەی کەرتی بانکی لە عێراق دەگۆڕێت

عەلی موحسین عەلاق پارێزگاری بانکی ناوەندی لە میانی پێشوازیدا لەگەڵ پاتریك دورێل باڵیۆزی فەرەنسا پشتڕاستیکردەوە، پلانی داشتنەوەی بانکە حکومییەکان نەخشەی کەرتی بانکی لە سەرتاسەری عێراق دەگۆڕێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی بانکی ناوەندی لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ پێنجشەممە عەلی عەلاق پێشوازی لە باڵیۆزی فەرەنسا کرد و لە دیدارەکەدا باس لە ڕۆگاکانی پتەوکردنی پەیوەندییە بانکییەکانی نێوان هەردو وڵات کرا، پارێزگار ڕونکردنەوەیەکی گشتگیری لەبارەی پەیوەندییە ئابوورییەکان و بنەماکانی خستەڕو و باسی لەوەشکرد، "هەنگاوەکانی حکومەت لە چەسپاندنی بناغەکانی ئابوری نیشتمانی و هەمەچەشنکردنی لەژێر ڕۆشنایی دەخی سەقامگیری ئەمنیدا لە عێراقدا بەدەستهاتون".

ڕونیشیکردەوە، "پلانی داشتنەوەی بانکە حکومییەکان کە بەهرەمەندە لە پاڵپشتی و بەدواداچونی بەردەوام لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە، نەخشەی کەرتی بانکی و واقیعەکەی لە عێراق دەگۆڕێت".

پارێزگاری بانکی ناوەندی باسی لەوەشکردوە، "بە پێشهاتەی خراکانی ڕێکخستن و چاودێریکردن و شیکردنەوەی ئێپەراسیۆنەکانی گواستنەوەی دەرەکی و ڕومالکردنی بازرگانی دەرەکی، بەپێی باشترین پراکتیزە و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان کە ستایش و گرنگییەکی زۆر لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانەوە وەردەگرن".

لەلای خۆیەوە، باڵیۆزی فەنسا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەو پێشهاتە گەشەپێدان و ئابوریانەی لە عێراقدا هاتونەتەئاراوە، ئامادەیی وڵاتەکەشی بە پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییە بانکییەکان لەگەڵ عێراق دەربڕی.

باڵیۆزی فەنسا، بانگهێشتی عەلی عەلاق پارێزگاری بانکی ناوەندی کرد بە وڵاتەکەی، سەردانی دامودەزگا دارایی و بانکییەکانی فەنسا بکات، بەتایبەتی بانکی ناوەندی فەنسا.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، بانکی ناوەندی عێراق خاوەنی پارەی دانراو و هەژمارە لە بانکی ناوەندی فەنسا، لە ماوەی چەندین ساڵدا پەیوەندیی هاوکاریی جیاواز لەنێوان هەردولا هەبوە.